# هەڵبژاردنی پارێزگاکان: یەکڕیزی و لێکترازانی لیستەکانی شیعە

24-09-2023

### نووسەرەکان

د. یاسین تەها

**کورتە :** یەکڕیزی لیستە شیعەکان کە لە پارێزگا تێکەڵەکانە لە پێش هەموویانەوە کەرکوك، بۆ رێگرییە لە بەفیڕۆچوونی دەنگ و کورسی و لەمەش گرنگتر پارێزگارییە لە یەکگرتوویی گوتاری لیستی زۆرینە کە ئێستا جڵەوی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بە دەستەوەیە. لەو پارێزگایانەشدا کە پەرتەوازەن، کێبڕکێ و ململانێکە لەسەر پۆستی پارێزگارەکان و زۆینەی حکومەتە لۆکاڵییەکانە کە دوا جومگەی خەرجکردنی بودجە و داهاتە بۆ ئەو پرۆژانەی لە پارێزگاکان ئەنجام دەدرێن و بەرکەوتەی راستەوخۆیان لەگەڵ جەماوەر و بنکەی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان هەیە.

بڕیارە لە هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی 18ی کانونی یەکەمی 2023 بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، 38 هاوپەیمانێتی و 36 حیزب بە 6022 پاڵێوراو  رکابەری لەسەر 275 کورسی پارێزگاکان بکەن. لەناو ئەم ژمارانەشدا، بە فەرمی و ئاشکرا هیچ لیستێکی سەدری نییە و ئەمەش وادەکات کێبڕکێ نێوخۆییەکانی شیعە تەنیا لە نێو لایەنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگیدا بێت و شەڕ لەسەر پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە گەورەیە بێت. بە پێی نوێترین پۆلێنی کۆمیسیۆنیش بێت، هاوپەیمانییە سەرەکییەکانی سەر بە "چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە" بەسەر پێنج جەمسەری سەرەکیدا دابەش بوون کە بریتین لە "دولة القانون" ی مالیکی، "الصفوة"ی قەیس خەزعەلی، "نبني" هادی عامری، "قوی الدولة الوطنية"ی حەکیم و عەبادی، "تصحيح"ی هومام حەمودی. لەم پێنج هاوپەیمانییەش دووانیان نیمچە بەرەیی و بەرفراوانن کە لە هەوڵی چنینەوەی زۆرترین کورسیدان لە بازنە شیعییەکان. یەکەمیان ئەوەی مالیکییە (دەوڵەتی یاسا) کە 12 حیزب لە خۆدەگرێت و گەورەترینە وەك ژمارە، بەدوای ئەوەیشدا بەرەکەی قەیس خەزعەلی دێت کە گرنگترین گرووپە شیعە چەکدارەکانی لە چەشنی "أنصار الله الأوفياء" و "جند الإمام"ی ئەحمەد ئەسەدی و "كتائب سيد الشهداء" و "كتائب حزب الله" لەگەڵ بزووتنەوەی "إرادة"ی حەنان فەتلاوی تێدایە.

ئەوەشی جێگەی سەرنجە، ئەویە کە زۆر لەناوی لیست و هاوپەیمانییە بەشدارەکان لەناو شیعە و لە دەرەوەی ئەوانیش، نوێن و نەبیستراون و لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوتوون. ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ راکێشانی دەنگدەر و خۆ قورتارکردن لە لێکەوتەی هەڵەو کەموکوڕییەکانی پێشوو لێکدەدرێتەوە. هەروەها بەگشتی لیست و هاوپەیمانییە شیعەکانی سەر بە چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە کە ژمارەیان دەورووبەری 11 دانەیە، لە هەندێك پارێزگا بە یەك لیست و لە هەندێك پارێزگای دیکەش بەجیا بەشداری دەکەن و بڕیاریشیان ئەوەیە لە پاش هەڵبژاردن، سەرلەنوێ هاوپەیمانی درووست بکەنەوە.

یەکڕیزی لیستە شیعەکان کە لە پارێزگا تێکەڵەکانە لە پێش هەموویانەوە کەرکوك، بۆ رێگرییە لە بەفیڕۆچوونی دەنگ و کورسی  و لەمەش گرنگتر پارێزگارییە لە یەکگرتوویی گوتاری لیستی زۆرینە کە ئێستا جڵەوی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بە دەستەوەیە. لەو پارێزگایانەشدا کە پەرتەوازەن، کێبڕکێ و ململانێکە لەسەر پۆستی پارێزگارەکان و زۆینەی حکومەتە لۆکاڵییەکانە کە دوا جومگەی خەرجکردنی بودجە و داهاتە بۆ ئەو پرۆژانەی لە پارێزگاکان ئەنجام دەدرێن و بەرکەوتەی راستەوخۆیان لەگەڵ جەماوەر و بنکەی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان هەیە.

لیستەکەی مالیکی (دەوڵەتی یاسا)، لە پێش هەموویانەوە ماڵی خۆی جیا کردووەتەوە و پێیوایە، پێویستی بە هاوپەیمانی دیکەی شیعی نییە بۆ ئەوەی سەربکەوێت. ئەوەش ناشارێتەوە کە چاوی لە بردنەوەی 40%ی کورسییەکانی پارێزگاکانە لەگەڵ پۆستی پارێزگاری 5 پارێزگا بەبێ ئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ کەس بکات،

لە پێش هەمووشیانەوە چاوی لە پارێزگاری بەغدای پایتەخت و بەدوای ئەوەشدا پارێزگاری بەسرەیە کە پایتەختی ئابووری عێراقە و شاری نەوت و بەندەر و شەتولعەرەبە. گرەوی گەورەیشی لەسەر ئامادەنەبوونی سەدرییەکان لە گۆڕەپانەکە دا کردووە.

لە دەرەوەی بازنە شیعییە پەتییەکان، لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا سەرنجی لیست و هێزەکانی چوارچێوەی شیعی چووەتە سەر پارێزگا سوننە نشین و تێکەڵەکان و بەشی زۆریان چاویان لەوەیە لە بازنە شیعییەکانەوە بپەڕنەوە بۆ پارێزگا سوننەکان و کەڵك لە بڵاوبوونەوەی باڵە چەکدارەکانیان لەو ناوچانە وەربگرن، هەر لەو نێوانەشدا لە پارێزگای دیالە کە لەڕووی ئەمنییەوە برێك هەستیارە و مۆزایکێکە لە شیعە و سوننەو کورد و تورکمان، قەیس خەزعەلی و بزووتنەوەکەی (عەسائیب) لەگەڵ رێکخراوی بەدری هادی عامری و فالح فەیازی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی رکابەری دەکەن لەکاتێکدا هەردووکیان (هادی عامری و فالح فەیاز) خەڵکی ئەم پارێزگایەن و عەشیرەتەکەیان (بنو عامر) لەوێ بڵاوە، ساڵانێکیشە گۆڕەپانی سیاسی و ئەمنی دیالە لەژێر هەژموون و کۆنترۆڵی بەدر دایە.

لە سەلاحەدین کە مەڵبەندەکەی تکریتە و گوندەکەی سەدام حسێنیش لەخۆ دەگرێت (عوجە)، لیستی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە رکابەریی بەهێز لەگەڵ سێ لیستی گەورەی سوننە دەکات کە (العزم، الحسم، تقدم)ن و باس لەوەش دەکرێت کە گرەو لەسەر بردنەوەی سێ کورسی دەکەن، ئەمەش ئەگەر رووبدات پێشهاتێکی نوێیە لە رەوشی پارێزگاکە و یەکێکە لە لێکەوتەکانی بارودۆخی پاش جەنگی داعش کە تێیدا هێزە چەکدارەکانی شیعە لە حەشد و گرووپەکانی دیکە، بەشدارێکی سەرەکی بوون لە کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگاکەدا.

لە پارێزگای نەینەوا کە پایتەختی پێشووی دەوڵەتەکەی داعشە و شەش ساڵە کۆنترۆڵ کراوەتەوە، ژمارەیەك لیست و کارەکتەری شیعی لەگەڵ هاوتا سوننەکانیاندا رکابەری دەکەن و زۆرێك لەو لیستە شیعانەش لە ژێر چەتری "الحدباء الوطني"دا کۆبوونەتەوە کە بەشێکە لە چوارچێوەی شیعە. لەم پارێزگایە لیستە شیعەکانی دیکەی "الصفوة"ی قەیس خەزعەلی و "بەدری" هادی عامری و "خدمات"ی ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و فەرماندەی "جند الإمام"، "مدار"ی کەتیبەکانی ئیمام عەلی و "النهج الوطني" حیزبی فەزیلە لەگەڵ لیستەکانی

ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی هەن و لەهەمووشی سەرنجڕاکێشتر، گەڕانەوەی ناوی مالیکییە بۆ کێبڕکێکانی پارێزگاکە پاش ئەوەی ناوبراو لە پاش 2014 بە سەرەکیترین هۆکاری کەوتنی شارەکە بەدەستی داعش تۆمەتبار کرا و بەر لەوەش، زنجیرەیەك مانگرتن و خۆپیشاندان دژی سیاسەتەکانی ئەو لە شارەکە بەڕێوەچووبوو.

سەرباری ئەوەش کە هەموو ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی کۆتایی 2023 بەڕواڵەت، بەشێوەیێکی ئاسایی و ڕێکوپێك بەڕێوەدەچن، بەڵام هێشتا گومانی گەورە ئەوەیە کە لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجام نەدرێت، چونکە ڕەوتی سەدر بەشداری تێدا ناکات و بەبێ ئەم لایەنە شیعە گەورەیەی کە براوەی دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی بوو (تشرینی 2021)، هەڵبژاردن لەژێر هەڕەشەی کەمیی ڕێژەی بەشداربووان و ناهاوسەنگی هێزدا دەبێت لەو بازنە و پارێزگایانەی کە بە زۆینەی ڕەها هی لیستە شیعەکانن.